# یاسای لێبوردنی گشتی

**حاکم قوباد**

**سەرۆکی دادگای نەجەوانانی سێمانی**

هەموو ساڵێك ، یان لە هەردوو ساڵێکدا جارێك ، بە راسپاردەی دەسەڵاتی سیاسیی ، لە هەریمی کوردستانی باشـــــــووردا ، پەرلەمانی کوردستان یاسای لێبوردنی گـــــــشتی ، بۆ ســــەرجەم ئەو ســـــــــزادراوانەی کە سپێراون بە بنکەکانی چاکـــسازی ( زیندان ) و ئـــــەو تۆمــــەتبارانەی کە هێشتا کێـــــشەکانیان لە لایەن دادگاکانەوە یەکلایی نەکراونەتەوە ، دەر دەکات ، جاچ لە قۆناخی لێکۆلینەوە دابن، چ لە قۆناخی دادگایی کردندا .

ئەمساڵیش ، دیسان و هەر بە راسپاردەی دەسەڵاتی سیاسیی ، پەرلەمانی کوردستان ، یاســـــای لێبوردنی گشتی ، ژمارە ( 4 ) ی ـساڵی 2007 ی   لە رۆژی 10\ 4 \ 2007 دەرکرد ، ئەمە جگە لەوە کە ســـەرۆکایەتی هەرێم خۆی ، لە پاڵ ئەم لێبووردنە گشتییەدا ، چەند لێبوردنێکی تایبەتیشی دەرکردووە  بە پێی ئەو دەسەڵاتەی کە یاسا  پێی بەخشیوە .

لێبوردنە گشتییەکەی ئەم جارە ، گەلێك لە لێبوردنە گشتییەکانی لەمەو بەر فراوان ترە ،جا چ ئیدارەی ئەوسای هەولێر دەری کردبێت ، چ ئیدارەی سلێمانی .ئەم یاسـایە بریتیە لە   پانزە بەند. ئێمــە تەنیا ئەو بـــــەندانە دەخەینە روو کە پەیوەنـــدی راستەوخۆیان بە چارەنووسی سزادراوو تۆمەتبارەوە هەیە .

**بەندی یەکەم :**

سەرجەم  سزادراوان ( بەند کراوەکان ) ، کە لە نێوان لایەنانی کێشەکەدا ،لە بەردەم دادگادا ، مەسڵەتی تیادا کرابێت - یا بکرێت - ، ئازاد دەکرێن .

**بەندی دووەم :**

سەرجەم سزادراوان بە سزای لە قەنارەدان ( ئیعدام ) ، کە لە نێوان لایەنانی کێشەکەدا و لەبەردەم دادگادا ، مەسڵەتی تیا کرابێت ،  سزاکەیان لەسەر سووك دەکرێت لە خنکاندنەوە بۆ زیندانیی ئەبەدی (( بیست ساڵ )) .

**بەندی سێیەم :**

ئەو سزادرازانەی بە زیندانیی دێژایی تەمەن سزادراون _ تا مردن _ ، سزاکەیان لەسەر  سووك دەکرێ بۆ (( زیندانیی ئەبەدی ))

**بەندی چوارەم :**

هەموو ئەو سزادراوانەی کە   لە فەرماگەکانی چاکسازی کۆمەڵایەتین – بەندیخانەکان- و  مەسڵەت ، لەبــــەر دەم دادگادا ، لە کێشەکانیاندا نەکــراوە ، لە سەدا سی لە ســـــــزا ئەسڵییەکانیاندا ، کەم دەکرێتەوە . ئەم ماوەی داشکاندنەش ، وەك ماوەی بەسەر بردنی

لە فەرمانگەی چاکسازی بۆی حسێب دەکرێ ، تا لە )) ئازادکردنی مەرج دار )) دا سودی لێ وەرگرێ .

**بەندی پێنجەم :**

رەفتاری یاسایی ، یەکجارەکی ، لە هەموو ئەو تاوانانە رادەگیرێت _ بەر لە رۆژی دەرچوونی ئەم یاسایە روویان دابێت -  کە لە قۆناخی لێکۆلینەوە و دادگایی کردندا ، رادەگیرێت ، ئەگەر هاتوو لایەنانی کێشەکان لە نێوانی خۆیاندا ، لە بەر دەم دادگادا رێککەوتبن یان رێککەون .

بەندی شەشەم :

هەموو ئەو سزادراوانەی بە تاوانی سەرپێچی کردن – مخالفە – سزادراون بەر ئەم لێبوردنە دەکەون و رەفتاری یاساییش دەرحەق بە تۆمەتبارانی رادەگیرێت .

بەندی حەوتەم :

سزادراوە (( عائد )) ەکان و ئەوانەی ئەم تاوانانەی خوارەوەیان کردووە ، حوکمەکانی بەندی ( 1 ، 2 ، 4 ، 5 ) نایانگرێتەوە :

1_ تیرۆر

2- کوشتنی ئەو بیانیانەی لە هەرێمدا ئیش دەکەن .

3- کوشتنێك کە پەیوەست بێ بە دزییەوە .

4- بازرگانی کردن بە ما دە سڕکەرەکانەوە . (( بێ هۆشکەر .. تریاك و .... ))

5 - ئەو تاوانانەی رووبەڕووی ئاسایش و ئابووری هەرێم دەبنەوە .

6 - دزینی ماڵی هەرێم .

7- بە ساختە کردنی نووسراوی فەرمی کە پەیوەست بێ بە ئابووری و ئاسایشی هەرێمەوە .

8- دەرکردنی پارەو پووڵی ساختە .

9- بەرتیل

10 – لاقە کردن و لە دواوە کردن و زینای مەحرەم .

11 – کوشتن بە بیانووی روو سووری ( ( غسل العار ))

بەندی هەشت : (( .... ))

بەندی نۆ :

ئەو گیراوو سپێردراوانە - زیندانانییەکان - ناگرێتەوە ، کە لە بریارەکانی بەر لە دەرچونی ئەم یاسایە ، سوودیان وەرگرتووە و سزایان لەسەر سووك کراوە .

بەندی دەیەم :

هەموو ئەو سزادراوانەی حوکمی غیابی یان دەرحەق دەرچووە ، سوود لەم یاسایە دەبینن ئەگەر هاتو لە ماوەی مانگێك لە رۆژی دەرچوونی ئەم بڕیارەوە ( 18 \ 4 2007 )) خۆیان بدەنە دەست یا دەسگیر بکرێن .

بەندی یازدە (( ........... ))

بەندی دووانزە : ....

بەندی سێزدە : ..........

بەندی چواردە : .........

بەندی پازدە : .........

هۆیە پۆزیتیفەکانی دەرکردنی ئەم یاسایە :

لە پەراوێزی ئەم یاسایەدا ، یاسادانەر ، دەڵێ :

ئامانجی هەرە سەرەکیی سزا ، باش کردنی تاوانکارو راست کردنەوەی هەڵس و کەوتییەتی ، وە لەبەر ئەوەی سزادراوانیك کە بەر ئەم لێبووردنە دەکەون ، بەشێکی سزاکەیان لە فەرمانگەکانی چاکسازی بەسەر بردووە و بەمەبەستی ئەوەی هەلیان بۆ برەخسێ و لە رێی ئازاد کردنیانەوە بیانگێڕینەوە بۆ نێو کۆمەڵ و سزاکانیان لە سەر سووك کرێت و کردەی یاساییان دەرحەق رابگیرێت .... لە پێناو

دڵخۆش کردنی کەس و کاری سزادراوان و سپێراوە نەوجوانەکان ، ئەم یاسایە دەرکرا .

**خۆزگە :**

ئاخ ... خۆزگە لێبوردنێکی گشتیش ، بۆ سەرجەم ئەو دەست بەسەروو خەڵکە بێ سەروو شوێنانەش دەردەچوو ، کە لە زیندانە تاریك و ل سەڵاتەکانی دوو زل حیزبەکەدا ، سەریان بە کۆشی پایز کردووەو وورده وورده گەڵاکانی تەمەنیان بەدەم کزەی بێ ئومێدییەوە هەڵدەوەرێن . یا هیچ نەبێت دەرگاکانی دادگایان بۆ بخەنە سەر گازەرەی پشت و زەمینەی دادگایی کردنێکی عەلەنی و عادیلانەیان بۆ **مسۆگەر بکرێت** !!؟؟